www.kurdistannet.org
5-4-2003 1:14

# جەنگی نوێ و ئەڵتەرناتیفی کۆن

کەمال ڕەوف

هەرچەندە بەرووکەش ڕووداوەکانی ئەمڕۆی جیهان واخۆیان دەنوێنن و دەردەکەون، کەپەیوەستن بەیازدەی سێپتەمبەرەوە ولەنێوبازنەو لەدیدی شۆکی ئەو ڕووداوانەوە سەرهەڵدەدەن و کاریگەریەکانی ئەویان کردۆتە خولگەو چەقی سەرهەڵدان و گۆڕانکاریەتازەکان، یابەجۆرێکی تر هەوڵیکی لەوشێوەیەهەیە کەدەیەوێت ئەوەبسەلمێنێت، گوایە ئەمەریکاییەکان لە نێوئەوڕوداوەوە ئەو بڕوایەیان لادروست بووە کەبۆ زەمانەتی ئەمنی قەومیان پێویستیان بەسنوربەزاندو لەشکرکێشی بێت بۆدەرەوەی نیشمانی خۆیان، ئەمە لەکاتێکدا دەوترێت کە هێشتا بنکەسەربازیەکانی هێزی ئەمەریکا لەچەندین ووڵات وناوچەی جیاجیای دنیا وەك سەردەمی جەنگی سارد ماوەتەوە و نەگەڕاونەتەوە بۆ ووڵاتی خۆیان. هەر بۆیە زیادەڕەویی نییە گەربڵێین ڕووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەریش بەهەمموو قورسایی و کاریگەریەکانیەوە بەشێك بووە لەو ئاڵوگۆڕو ڕووداوانەی کەبەهۆی نەمانی جەنگی ساردو تێکچونی هاوکێشەی هێزی قوتبەکانی پێشووەوە هاتەئاراوە و لەدەیەی ڕابردودا بەدەرکەوتن و ئەو بڕوایەیان هێنایە پێشەو ە وسەپاند، کەبەپێی پێویستیی‌و دابەشبونەوەی تازەوە لەهێزە سیاسی و سەربازییەنێودەوڵەتیەکانی دەخواست کە ئەوجێگۆڕکێیانە ئاشکرابکرێت کەدۆست و دوژمنی تازەی تیادا دەردەکەوێتەوە، دیارە ئەمجارە لایەنی براوە لەنێوجەمسەرەکاندا پێی خۆش نییە هیچ لایەنێك بەناوی بێلایەنیەوە لەڕوداوەکان خۆی بەدوور بگرێت و بەمکارەی سەرکردایەتی لایەنە بەشدارنەبووەکان مسۆگەربکات،

هەڵەی گەورە ئەوەیە کە ڕووداوەکانی ئەمدواییانەی ئەفغانستان و عێراق بەتەنها ببەسترێنرێنەوە بەدژایەتی کردنی تیرۆرو چەکداماڵینی چەکەکانی عێراقەوە، ئوسامە بن لادن و سەدام حسێن کەسەرکردەو پیاوانی نێو ڕووداوەکان و ئاڵۆزیەکانی سەردەمی جەنکی ساردبوون، بۆئەمەریکاییەکان لەو خاڵەدا یەك دەگرنەوە کە یەکێکیان سەرکردایەتی باڵی توندڕەوی ئیسلامی دەکات و ئەوی تریشیان سەرکردایەتی لوتبەرزی ناسیونالیستی عەربی ودەسەڵاتداریێتی دیکتاتۆریانەی پاشماوەی جەنکی سارد، کەدیارە ئەو دوولایەنەش جگەلەوەی جەندین خاڵی هاوبەش و ناوکۆییان هەیە لەهەمانکاتیشدا ئەو تێڕوانینان و توخمانە لە خۆیاندا پەروەردە دەکەن کەناتوانن خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی تازەو دنیایی یەکجەمسەریدا بهێننەوە، بۆیە هەردووجەنگەکە وەك دوونمونەی جیاوازو تەمێکەرانە بەهەمووئەو دەسەلآتانە نیشان دەدرێت کەهاوشێوەی ئەوانن، هەروەها لەگەڵ شێوازەتازەکانی شەڕیشدا ئەوبڕوایە دەهێنرێتە نێو سیاسەتی تازەی دەولییەوە، کەمافی دەستێوەردان و کورانکاری دەسەلآتەکونەکان شەرعیەتی پێبدرێت کەلەڕێگەی هێزە دەرەکییەکانەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەردابێت و شێوازی سەرپەرشتی کردن و ئنتدابکردن جارێکی ترو لەبەرگی نوێدالەجیهاندا بێتە ئاراوە.

Kamalrehuf300@hotmail.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لـە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣